ستێرەشەو

تیۆدۆر دو بانڤیل
لە فڕەنسییەوە : د. موحسین ئەحمەد عومەر

ستێرەشەو،
لە بن تاراکانت
لە شەمالّت، لە عەترت
چەنگی غەمبار
هەنسک دەدا
خەون بە خۆشەویستی ئاوابوو ئەبینم

غەمی شیرین
دێ و لە قووڵایی دڵم ئەپشکوێ و
گوێم لە گیانی خۆشەویستەکەمە
لە ترسان لە ناو دارستانی خەونبین هەڵدەلەرزێ

ستێرەشەو،
لە بن تاراکانت
لە شەمالّت، لە عەترت
چەنگی غەمبار
هەنسک دەدا
خەون بە خۆشەویستی ئاوابوو ئەبینم

لە ئاوپژێنەکەی خۆمان ئەبینم
نیگات شینە وەک ئاسمان
گوڵەباغیش هەناسەتە
ئەم ئەستێرانەش چاوەکانت.

ستێرەشەو،
لە بن تاراکانت
لە شەمالّت، لە عەترت
چەنگی غەمبار
هەنسک دەدا
خەون بە خۆشەویستی ئاوابوو ئەبینم

Anthologie de la poésie française. Théodore De Banvilles. Gallimard. 2001.